IOM
وكالة الأمم المتحدة للهجرة

## حکومەتی یابان پشتگیریکردنی ئاسایش و گەشەسەندن لە عێراق پتەو دەکات

**بەغدا-** حکومەتی یابان پشتگیری رێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ دەکات لە عێراق بۆ بەردەوامبوونی لە وەڵامدانەوەی پێداویستیەکانی ئابوری کۆمەڵایەتی بە پەلە وەهەروەها پێداویستی گەشەپێدانی ئەندامانی پێشوی گروپە چەکدارەکان، وەهەروەها پشتگیری کردنی سەقامگیری کۆمەڵگاکان لە ناوچە نائارامەکان، لە رێگای دابینکردنی پارە بە بڕی ٣.٦٣ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی بۆ ٢٠٢٠-٢٠٢١.

عێراق لە ململانێ دایە لەگەڵ کاریگەریە کەڵەکەبووەکانی ململانێکانی ڕابردوو بۆ گەشەپێدان، کەوای لە ووڵاتەکە کردووە ڕووبەڕووی سەرهەڵدانەوەی ململانێ ببێتەوە. ئێستا دووبارە ڕووبەڕووی قیرانی هاوکات دەبێتەوە کە مەترسیە لەسەر ئاسایش و گەشەکردنی. سەرهەڵدانی کۆڤید ١٩؛ دارمانی نرخی نەوت بەشێوەیەکی زۆر، کە ئابووری عێراق بە شێوەیەکی سەرەکی پشتی پێبەستووە. لەگەڵ گرفتی سیاسی کە ووڵاتەکە تێی کەوتووە لە گەڵ حکومەتی کار بەرێکەر لە کانوونی دووەمی ٢٠١٩وە.

سەرۆکی نێردەی رێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق، جیرارد وایت گووتی، "ئەو ئالۆزیەی کە لە شەش مانگی ڕابردوو لە عێراق داوە نیشاندەری ئەوەیە کەعێراق تا ئێستاش پێویستی زۆری هەیە بۆ چارەسەری هۆکاری ئابووری، کۆمەڵایەتی و ئەمنی لە ناسەقامگیری کۆمەڵگا لاوازەکانی بۆ رێگریکردن لە گەڕانەوە بۆ ململانێ. لە درێژەی ووتەکانی جێرارد وایت گووتی" بە پشتیوانی حکومەتی یابان، رێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ بەردەوامە لە سوودوەرگرتن لە پەیوەندی نێوان ئاسایش و گەشەسەندن بۆ شکاندنی ئاڵقەی ململانێکە."

بەم پشتگیریەی حکومەتی یابان، رێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق پشتگیری حکومەتی عێراق دەکات بۆ پتەوکردنی پەیوەندیەکانی ئاسایش-گەشەسەندن بۆ بەدیهێنانی سەقامگیری بەردەوام لەو ناوچانەی کراونەتە ئامانج.

بالیۆزی یابان لە عێراق، بەرێز نافیۆمی هاشیماتۆ گووتی، "لەم دواییەدا یابان بڕیاریدا بە دابینکردنی پاکێجەکی یارمەتیدانی نوێ بۆ عێراق بە بڕی ٤١ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی، بەگرتنە خۆی ئەم پرۆژەیەی کە بۆ بەهێزکردنی پەوەندی ئاسایش و گەشەسەندن." وەهەروەها ووتی، "لەگەڵ ئەم پاکێجە، تێکرای هەمووی یارمەتیەکان بۆ زەرەرمەندبووەکان لە قەیرانەکە گەیشتە ٥٤٠ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی لە ٢٠١٤وە."

هەروەها گووتی،"ساڵانێک ململانێ کاریگەری هەبووە لەسەر گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە عێراقدا، لەکاتێکدا دارمانی کۆمەڵایەتی و ئابووری هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ ناسەقامگیری. لێرە پێداویستی پەیرەوکردنێکی گشتگیر هەیە لەبواری ئاسایش و گەشەسەندن."

پرۆژەی،"پتەوکردنی پەیوەندی ئاسایش و گەشەسەندن لە عێراق دادەنرێت: پشتگیری بۆ سەقامگیری کردنی کۆمەڵگا لەو کۆمەڵگایانەی کە ململانێکان کاریتێکردوون"، کە پشت دەبەستێت بە وانەی فێربوو و ڕاهێنانی باش کە کۆکراوەتەوە لە چوارچێوەی پرۆژەی تاقیکاری کە حکومەتی یابان پشتگیری لێدەکات ٢٠١٩-٢٠٢٠ "پشتگیری کردنی پەیوەندی ئاسایش و گەشەسەندن لە عێراق."

لە چوارچێوەی ئەم پرۆژەیە، زیاتر لە ٨,٥٠٠ تاك سوودمەندبوون لە چالاکیەکانی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی؛ نێوەندگیری، بنیاتنانی ئاشتی، چالاکیەکانی دەروونذرووستی پشتگیری دەروونی کۆمەڵایەتی یان بەشداریان کرد لە خولەکانی ڕاهێنان. ٢٨ پرۆژەی بچوك و مامناوەند لە تەلەعفەرو نەجەف پشتگیری داراییان وەرگرتووە، لەکاتێکدا ١٣٤ کەس پشتگیری بژێویان وەرگرتووە. وەهەروەها پێنج کۆربەندی پۆلیسی کۆمەڵگەیی نوێ دروست کرا لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ بە هاوکاری رێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق، سێیان لە نەینەوا و دووانیشیان لە نەجەف

IOM
وكالة الأمم المتحدة للهجرة

لەپاڵ چالاکیەکانی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی؛ نێوەندگیری، بنیاتنانی ئاشتی، چالاکیەکانی دەروونڕووستی، پشتگیری دەروونی کۆمەڵایەتی، پڕۆژەی بچوك و مامناوەند و پشتگیری دەستەبەری بژێویی دەستپێشخەریەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق پەیوەندیدار بە پشتگیری کردنی پەیوەندی ئاسایش و گەشەسەندن جەخت دەکاتە سەر دروست کردن و پتەوکردنی کۆڕبەندی پۆلیسیی کۆمەڵگەیی شانبەشانی وەزارەتی ناوخۆ، بۆ باشتر کردنی پەیوەندی و متمانە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا و لایەنە کاراکانی جێ بە جێ کردنی یاسا.

*بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بکە بە یەکەی زانیاری گشتی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق، تەلەفون ٠٠٩٦٤٧٥١٤٠٢٢٨١١، ئیمێل: iraqpublicinfo@iom.int*